# ڕێكەوتنی نێوان

# ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد – چاك

# و،

# كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان، لەوڵاتی نۆرویژ!

ڕۆژی دووشەممە دەمژمێر (6) ی ئێوارە، ڕێكەوتی 28/6/2010، كۆبوونەوەیەك لەنێوان كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان و ، ئەندامانی بەڕێوەبەریی ناوەندی "چاك" لەشاری ئۆسلۆ پێتەختی ولاتی نۆرویژ، بەڕیوەچوو. لەلایەن ناوەندی "CHAK" ەوە، بەڕێزان **كاك جیهاد محەممەد** و **كاك عەبدولباست محەممەد ئەحمەد** بەشداربوون. نوێنەرەكانی KNC یش بریتیبوون لە: **هاوبیران سیروان كاوسی، شوان بەرزنجی و ئارام میروەیی.**

كۆبوونەوەكە لەنێو كەشێكی پڕ لەدڵسۆزی و هەست بە بەرپرسیارێتیكردن بەرامبەر كێشەی ڕەوای نەتەوەكەمان بەڕێوەچوو. جەخت لەسەر گرنگیی پەرەپێدانی چالاكیی مرۆڤی و بەهێزتركردنی ڕێكخراوەكانی مرۆڤی و جەماوەریی لە كوردستان و لەدەرەوە كرا بەمەبەستی خستنەڕووی تاوانی قڕكردنی نەتەوەی كورد لەلایەن داگیركەرانییەوە، كە دەتوانێت وەك شێوازێكی گرنگ وكاریگەر لەناساندنی كێشەی ڕەوای كورد بەكۆڕوكۆمەڵی نێونەتەوەیی ڕۆڵی گەورە بگێڕێت.

**لەكۆتاییدا هەردوولا پەسندیان كرد سەرەتای هاوكاریی نێوانیان بەم خالانەی خوارەوە دەەستپێبكەن:**

1- **پێكهێنانی كۆمیتەیەكی هاوبەش لەنۆرویژ بۆ ئەنجامدانی یادی كارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە، بۆ كوردەكانی دانیشتووی نۆرویژ و، هەروەها بۆ ڕێكخراوەكانی مرۆڤی و ئۆرگانەكانی سەربە حكوومەتی نۆرویژ، پێكەوە تێبكۆشین بۆ بەجینۆسایدناساندنی تاوانەكانی ئەنفال و هەڵەبجە بەرامبەر نەتەوەكەمان. كۆكردنەوەی بەڵگەنامە و فیلم لەسەر تاوانەكانی ئەنفال و هەڵەبجە.**

2- هەموو ئەو چالاکییانەی پێوەندییان بە جێنۆسایدی کوردەوە هەیە لەئاستی ئۆروپا و کوردستاندا، یەکدی ئاگاداربکەینەوە و، پێکەوە پلان و دەستووری کاریان بۆ دابڕێژین.

3- جێبەجێکردنی پێداویستی و هەموو پارەسەرفکردنێک، هەروولا بەیەکسانی و وەکیەک بیگرنە ئەستۆ.

4- کۆمیتەی هاوبەش دەتوانێ داوای یارمەتی و هاوکاریی لەو کەسایەتی و رۆشنبیرە نیشتمانپەروەرانەی کورد بکات، کە دەتوانن لە پێشخستنی ئامانجەکانماندا بەکردەوە یارمەتیدەربن.

5- ئەم ڕێکەوتنەی نێوانمان تەنها کارە مرۆیی و مەدەنییەکان دەگرێتەوە، واتە کارو چالاکی سیاسی ناگرێتەوە.

6- دەرگاکراوەیە بۆ هەرچ ڕێکخراو و کەسایەتییەکی کورد و نەرویجی کە ڕازیبێت بەم خاڵانەوە کارمان لەگەڵبکات، تەنها مەرجمان ئەوەیە کە کارو چالاکی سیاسی ناکەین.

7- ڕێککەوتنی نێوانمان لە ڕاگەیاندنی هەردوولادا بڵاوبکرێتەوە، هاوکات بنێردرێت بۆ ماڵپەڕ و ڕاگەیاندنەکانی دیکە.

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**          **ناوەندی چاک**

29/6/2010